# سەر زەوی هەمووی مزگەوتە جگە لە گۆڕستان وگەرماو نەبێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «سەر زەوی هەمووی مزگەوتە جگە لە گۆڕستان وگەرماو (حەمام)* نەبێت». *(وهەروەها ئاودەستخانە وهەموو شوێنێک دەگرێتەوە کە پیس وچڵکی تێدا بێت)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

سەر زەوی هەمووی شوێنی ئەنجامدانی نوێژکردنە؛ جگە لە چەند شوێنێک نەبێت: لەوانەش گۆڕستان کە شوێنی لە گۆڕدانانی مردووەکانە وهەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە لە نێو چوارچێوەی دیواری گۆڕستانەکەدان، وهەروەها گەرماو (حەمام) کە بە ئاوی گەرم یان هەر ئاوێکی تر خەڵکی خۆیان تێدا دەشۆن بۆ خۆ پاککردنەوە یان بۆ چارەسەر، وهەروەها سەرئاو (ئاودەستخانە) وزبڵدان وشوێنە پیسەکانی تر کە چڵک وپیسی تێدا کۆ دەبێتەوە وشتی بۆگەن وبێزراو وبۆن ناخۆشیان تێدایە. وئیمام نەوەوی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (نوێژکردن لە شوێنەکانی شەیتان مەکروهە بە یەکدەنگی زانایان، وبەهەمان شێوە لە شوێنەکانی ئارەق خواردن وفرۆشتن وشوێنی بەدڕەوشتی ولەشفرۆشی -مەلهاکان- وئەو شوێنانەی مامەڵەی فێڵ وبەرتیلی تێدا دەدرێت، وکڵێساکان وکەنێسەکان-پەرستگاکانی جولەکە- وئاودەستخانەکان وبەو شێوەیە شوێنەکانی تریش). وئەگەر نوێژکردن لە کڵێسا وکەنێسەکان نەهی لێکراو بێت بێگومان لە شوێنەکانی تری بت پەرستیش حەرامە وەکو پەرستگاکانی بوزیەکان وهیندۆسەکان وجگە لە ئەوان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10645

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee